زانكۆ:سەلاحەدین

كۆلێژ:ئاداب

بەش:راگەیاندن

بابەت :رۆژنامەگەری بەدواداچوون

پەرتوكی كۆرس بووك :(سالی: 3)-سمستەری یەكەم

مامۆستای بابەت: پ.ی.د.صادق حمەغریب حمەصالح

ساڵی خوێندن: 2023-2024

| | |
|---|---|
| 1. **ناوی کۆرس** | **کۆرسی یەکەم و دووەم** |
| 2. **ناوی مامۆستای بەر پرس** | **پ.ی.د.صادق حمەغریب حمەصالح** |
| 3. بەش/ کۆلێژ | **راگەیاندن** |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:sadiq.hamahsalh@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن :07501069767 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 2<br>پراکتیک: |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا **دوو کاتژمێر** |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | **-ئەندامی بۆردی ئەکادیمیای راگەیاندن بۆ توێژینەوەی زانستی.**<br><br>**-ئەندامی کارای سەندیکاری رۆژمامەنوسانی کوردستان.**<br><br>**-,سەرۆکی ریکخراوی ( مەلتی میدیا بۆ گەشە پێدانی میدیای ئەلیکترۆنی ).**<br><br>**-خاوەنی زیاتر لە 30ساڵ پێشینەی کاری رۆژنامەگەری.**<br><br>**-ئەندامی لیژنەی یونسکۆ بووم بۆ گەشە پێدان و دانانی پرۆگرامی خوێندنی راگەیاندن لە کوردستان و عیراق.**<br><br>**ساڵی 2003-2004بڕوانامەی بەکالۆریۆسی راگەیاندنم لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە.**<br><br>**-ساڵی 2007-2008بڕوانامەی ماستەرم لە راگەیاندن لە کۆلێژی راگەیادنی زانکۆی بەغداد بەدەستهێناوە.**<br><br>**-بڕوانامەی دوکتۆرام بە سیستمی سپلێت سایت لە ساڵی 2017بەدەستهێناوە لە بواری راگەیاندندا.**<br><br>**-دووکتێبی چاپکراوم هەیە ( ستراتیژیەتی راگەیاندن بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی )و( رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی ),دوو توێژینەوەو چەندین بابەتی ئەکادیمیم بلاوکراونەتەوە.لە ساڵی 2009وە لە بەشی راگەیادنی زانکۆی سەلاحەدین خەریکی وانە وتنەوەم.**<br><br>**-بەشێوەی قسەکەر یان بەشدار, ئامادەی زۆربەی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی تایبەت بە بواری راگەەیاندن بووم.**<br><br>**-دەیان نوسین و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیم لە میدیای کوردیەوە بڵاوکراونەتەوە.**<br><br>**-چەند توێژینەوەیەکم لە بوارە جیاوازەکانی راگەیاندندا لە دەرەوەو ناوەوە** |

| | |
|---|---|
| | بڵاوکراونەتەوە. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | ڕاگەیاندن, ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری, کابڵان, ئیریج, تیمی بنکۆڵکاری |

ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری، لە سەر هزری پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیە باڵاو گشتیەکانی کۆمەڵگە دامەزراوە، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی سەرپێچی یە یاساییەکان لە هەموو بوارەکانداو هەوڵدان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی گەندەڵی و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و گەیاندنی بەجەماوەر، لە پرۆسەیەکی ڕۆژنامەوانی لێکۆڵینەوەیی وردوو زانستی و ئەکادیمیدا، بە ئامانجی چارەسەکردنی کێشەو ئاریشەو قەیرانەکان و باشکردنی دۆخی گشتی کۆمەڵگە.

ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری، تەنیا، لە چوارچێوەی تەوەرێکدا کورت هەڵنایەت، بەڵک و زۆر فراوان و فرە ڕەهەندەو، سەرجەم بوارو بابەتەکان لەخۆدەگرێت، وەک: گەندەڵی ئابوری، گەندەڵی کارگێڕی و سەربازی، هۆکارەکانی توندوتیژی، کێشە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستیەکان، بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان، هەروەها کردە تیرۆریستی و تاوانکاریە نادیارەکان و تێوەگلانی کەسانی پلەباڵاو بەرپرس لە ئاریشە جیاوازەکاندا.

لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانرێت بوترێت کە ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری بە مانای ئاشکرا کردنی بابەتە نادیارەکانە جەماوەرو هاوڵاتیان، هەروەها ئەو بابەتانەی کە لەلایەن بەرپرسان و دەسەڵاتدارنەوە، بەمەبەست شاردراوەنەتەوە، یاخود لە دۆخێکی تەم و مژاویدا بە نادیاری ماونەتەوەو ئاشکرا نەکراون، کە تێگەیشتن لە ڕاستیەکانی زەحمەت و دژوار کردووەو، پێویستە لە ڕێگەی توێژینەوەی بنکۆڵکاریەوە ئاشکرا بکرێن، بە ئامانجی خزمەتکردنی کۆمەڵگە بە گشتی و بەرجەستە کردنی شەفافیەت و دادگەری کۆمەڵایەتی.

**11-ئامانجی وانەکە (هدف المادە) : ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری( صحافە الاستقصائیە ), ئەمرۆ بە یەکێك لە ژانرە ڕۆژنامەوانیەکان لەقەڵەم دەدرێت, کە پێویستی بە زەمینەیەکی جیاوازو لەبارتر هەیە لە ژانرەکانی تر, شێوازو ئامڕازو ئەنجامدانی جیاوازە. خوێندنی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری( صحافە الاستقصائیە ), بۆ بەشەکانی ڕۆژنامەگەری زۆر گرنگەو چەندین ئامانج لەخۆدەگرێت, وەك:ك**

**1-ئاشناکردنی قوتابیان بە واتاو چەمکی ڕۆژنامەگەری.**

**2-فێرکردنی قوتابیانی ڕۆژنامەنووس کە چۆن بیرۆکەی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری( صحافە الاستقصائیە ),دەستنیشان بکەن.**

**3- فێرکردنی قوتابیانی ڕۆژنامەنووس کە لە بارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری( صحافە الاستقصائیە ).**

**4- فێرکردنی قوتابیانی ڕۆژنامەنووس کە چۆن ژانری ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری( صحافە الاستقصائیە )بنووسن.**

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

**1-ئامادەبوون لە وانەکانداو خۆ ئامادە کردن بۆ گفتوگۆ لە لایەن قوتابیەوە پێویستە.**

**2-پیش ئامادە بوون بۆ هەر وانەیەك پێویستە قوتابی ئاگاداری هەوال و زانیاریە تایبە تمەندەکان بێت.**

**3-پێویستە قوتابی بەردەوام ئامادە بیت بۆ تاقیکردنەوەی ڕۆژانە.**

**4-پێویستە قوتابی لە وانەکاندا کاریگەری ماندویەتی لەسەر نەبیت,چونکە ونەکە وردەو پێویستی بە ئامادەگی جدی هەیە.**

**5-پێویستە بە پێی پێویست قوتابی زانیاری هەبێت لە سەر وانەی ئاییندە کە پێی دەوترێت.**

**6-پێویستە قوتابی لە کاتی ئامادەنەبوندا بەدواداچونی بۆ وانەکە هەبێت لە بارەیەوە پرسیار لە مامۆستای وانە بکات.**

7- پێویستە قوتابی بەردەوام بەدواداچونی هەبێت بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنە تایبە تمەندەکان و خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان دەستنیشان بکات.

8- قوتابی نابێت وانەکان پشت گوێ بخات, چونکە زانیاریەکان وردن و پێویستیان به خوێندن و تێگەیشتنی زیاتر هەیە.

9- پێویستە قوتابی سەرچاوەی زیاتر بخوێنێچتەوە لە بارەی بابەتەکانەوە.

10- پێویستە قوتابی سل نەکاتەوە لە پرسیار کردن.

13. رێگەی وانە ووتنەوە

وانە وتنەوە بە شێوازی بەشداری پێکردنی قوتابیە, داتاشۆو پاومر پۆینت لە گەڵ وایت بۆرد بۆ کاتی شرۆڤەی زیاتر بەکاردەهێنرێت. لە گەڵ پیشاندانی وێنەو نمونەی تایبەت بە وانەکەو قسە لە سەرکردنیان.

14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

1- قوتابی بە درێژایی سمستەر , لانی کەم تاقیکردنەوەیەکی 20 نمرەیی ئە نجام دەدات.

2- قوتابی بە درێژایی سمستەر , لانی کەم را پۆرتێکی زانستی ئە نجام دەدات.

3- قوتابی بە درێژایی سمستەر , لانی کەم کویزێك ئە نجام دەدات.

4-ئامادەبوون لە پۆل و چالاکی رۆژانە نمرەی لەسەرە..

15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

لە سۆنگەی ئەو بابەتانەوە کە دیاری کراون لە ماوەی دیاریکراودا پێشکەش بە قوتابی بکرێ, ئەتوانین بڵێین کە دەرە نجامی وانەکە, زۆر باش و بەسود ئەبێت:

1-قوتابی زانیاری لە بارەی چەمکی راگەیاندنی بنکۆڵکارییەوە بەدەست دەهێنێت.

2-قوتابی فێردەبێت, کە چۆن مامەڵە بکات لە گەڵ رووداوە جیاوازەکاندا, لە روی بنکۆڵکارییەوە.

3-قوتابی زانیاری لە بارەی گرنگی راگەیاندنی بنکۆڵکارییەوە بەدەست دەهێنێت.

4-قوتابی زانیاری زانستی لە بارەی ئاما نجی راگەیاندنی بنکۆڵکارییەوە بەدەست دەهێنێت.

5-قوتابی ئەتوانێت جۆری بابەتەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکارییەوە دیاری بکات.

6-قوتابی فێری چۆنیەتی ئە نجامدانی بنکۆڵکاری رۆژنامەوانی دەبێت.

7-ئەوەی قوتابی لەم وانەیەدا فێری دەبێت هەمووی نوێیە, چونکە خودی بابەتەکە نوێیەو لە کوردستان سەرچاوە لە بارەیەوە نییە, قوتابی فێردەبێت کە چۆن لە رۆژنامەنوسێکی گشتیەوە هەنگاو بەرەو رۆژنامەنوسێکی بنکۆڵکار هەنگاو هەڵبگرێت.

16. لیستی سەرچاوە


1- كريغ سيلفرمان, دليل التحقق للصحافة الاستقصائية, 2016.

2-يونسكو, علي درب الحقيقة, ط3, 2017.

3-مؤسسة فيدريش ايبرت, دليل للصحافة الاستقصائية.

| | |
|---|---|
| Class : | قوناغ : دووهەم |
| Subject : | بابەت : رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری( صحافه الاستقصائیه ) |
| Unit/week: | عدد الساعات / الاسبوع : |
| Th.: Pr.: | نظری : عملی : |

| الاسبوع | المواضيع |
|---|---|
| یەکەم | پێناسەو چەمکی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری. |
| دووهەم | مێژوی سەرهەلدان و گرنگی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری |
| سێهەم | تایبە تمەندیەکانی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری |
| چوارەم | جۆرەکانی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری |
| پێنجەم | ئەرکی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری |
| شەشەم | ئاما نجی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری |
| حەوتەم | دەستپێکی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری :دەستنیشانکردنی بیرۆکە. |
| هەشتەم | درێژەی وانەی سێهەم: بەکارهێنانی گریمانەکان. |
| نۆیەم | نوسینی گریمانەو بەکارهێنانی سەرچاوە. |
| دەیەم | بەکارهێنانی سەرچاوەی مرۆیی. |
| یازدەهەم | چۆن خۆت رێك دەخەیت بۆ سەرکەوتن له رۆژنامەگەری بنکۆڵکاریدا. |
| دوازدەهەم | درێژەی وانەی حەوتەم. |
| سێزدەهەم | نموونەکاننی نوسینی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری |
| چواردەکەم | درێژەی وانەی نۆیەم. |
| پانزەهەم | تەکنۆلۆژیای چاودێری پێش بلاوکردنەوە. |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

| | |
|---|---|
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |